# بۆچی هەردوو دەسەلاتەکەی کوردوستان
# لەحیم ناگرن

حەمەرەشی هەرەس ـــ کانادا
hemereshid@hotmail.com

<u>تێبینی</u>: زۆر بە راشکاوییەوە دەڵێم: روویدەمی ئەم نووسینە زیاتر بەرەو دەسەڵاتەکەی کۆمپانیای (ی.ن.ک)ە، چونکە بەڕای نووسەری ئەم دێڕانە، هەرچی کوێرەوەری هەیە، لای ئەوان کۆچ وباری خستووە و، ماکەکەی هەموو کوردوستانی گرتۆتەوە، خودی جەلال تاڵەبانیش، هەر لە ساڵی 1963 وە، پاشکۆی رەجعییەتی عەرەبە و، لەخزمەت هەردوو هاوشێوەکەی تورک و فارسیشە، دڵسۆزترین گاردی سایکس بیکۆ و، هەر هەموو پەیمانە بە یومەکانی دژ بە نەتەوەی کوردە، قورمیشکراوە تەقلە بە فیلی کورد لێبدات و، مشکی رەگەزپەرستانی چواردەوریش، تەقلە بەم لێدەن.

## <u>شۆڕبوونەوە:</u>

ئەوەیان لەولاوە بوەستێ، کە زۆر لە مێژە وتوومانە، یەکگرتنەوەش مانای یەکنەگرتنەوە.

کورد ئەڵێت: بۆ سەروپێیەکماڵی خۆی جیاکردەوە. جا خۆ ئەمان نەک سەروپێ، وەک گوربەی برسی کەوتوون بەسەر ئەو هەموو بەز و دووگەدا، بە لێشاو پارەی نەوت بۆ گەرووی حووتئاساییان کاروان ئەکات، تۆ بڵێیت بە حوسن و رەزای خۆیان ئەو هەموو پارەیە بخەنە بەردەستی یەکتر و لە کاتی فرانا، ورگی یەکتر رانەدەن؟

کەواتە گەلی برادەرینە با بە دوور و دۆستییەکەیان قایلبین و، ئێستا لەبەر ئەوەی دوو بەرەن و، بۆ ململانێی یەکتری هەندێک وردە بەرماوەیان لێ هەڵئەوەرێت و، لەشەرمی یەکتر لایەک لە جەماوەرەکە ئەکەنەوە، خۆ ئەگەر گریمان بوون بەیەک، ئەوکاتە ئەوەش نامێنیت و منەتیان بەکەس نابێت، ئەمەش ئەگەرو گریمانەیەکی دوورە. جاران دەسەڵاتی هەولێر برایم خەلیلیان بە دەستەوەبوو، دەسەلاتی سلێمانی هەر کە لە کورتی بدایە، ئەکەوتنە گێچەڵکردن و هارەشەو خۆ گیڤکردنەوەو، خۆ ئامادەکردن بۆ خوێنڕژان، دە ئەوەتا ئێستا وا ماوەیەکی زۆرە باسی برایم خەلیل بە کۆڵەکەی ئاشاچۆتە

خوارەوەو هەر بیرێشی لێناکەنەوە، ئێستا کاسەی هەردوولا پڕە،(کاسەی پڕیش،ئاشتی ماڵە).
ئاشتییە لە گەندەڵستان، لەبەر فڕان فڕان بیریان بە لای هیچی ترا ناچێ، نەوەیەکی تەمەڵ و بێبەرهەمیان هێناوەتە ئاراوە، بۆ کرێکارێک دنیا سەنگ و سووژنکەیت، کوردێکی تیا نادۆزیتەوە، کەچی پۆلیس ئەرزوبان نایگرێت، مووچەکانیشیان بەرامبەر مووچەی فەرمانبەرە بە تواناکانە، ئەو هەموو سەروەت و سامانەی رژاوە، دەبوایە شارێکی وەک سلێمانی ئێستا دەیەها کارگەی بە سوودی تیابوایە، دەستەبەری پاشەرۆژی هەزارەها خیزان و سەرچاوەی داهاتی لەبننەهاتووی وڵات بوایە، کەچی هەرچی سامان هەیە هەمووی نێررایە هەندەران و وڵات نییە، پارەی ئەمانی تیا نەخرابێتە گەر، هەرچی وڵاتی دنیا هەیە بە دیکتاتۆر و دیموکراتەوە، پارە لای میریەو، حیزب بۆدجەی دیاریکراویان هەیە، کەچی لای ئێمە حیزب میرییە، حیزب بانکە، حیزب خەزێنەیە، حیزب بتەوێ و نەتەوێ سەرچاوەی مان و نەمانی هاووڵاتیانە.
ئێمەی ساوێلکەش مێشکی سەری هەردوولامان بردووە و، دەڵێین: ئەم دوو حیزبە بۆ یەکناگرنەوە؟؟! دەیسا دوو کانزای جیاواز کە لەحیم نەگرن بەزۆرە؟
بۆ دواجار جەلال تاڵەبانی رایگەیاند: کە یەکگرتنەکەیان خستۆتە دوای هەڵبژاردن. جا منی ساوێلکە دەمودەس تێگەیشتم بۆ دوای هەڵبژاردن؟ چونکە ئەگەر بکرێتەوە بە سەرۆک ئەوا فشار ئەخاتە سەر دەستوپێوەنەکەی هەوڵی هەندێک لەحیمکاری بدەن. خۆ ئەگەر نەبۆوە بە سەرۆک( کە پێموایە ناشبێتەوە) ئەوا دەزقڕێتەوە سەر کاکەو، ئینجا وەرن سەیری گێچەڵەکانیکەن، لە لایەک باوەڕی بە بەرەکەی خۆی نەماوە و، سێبەری گرانبووە لایان، لەمبەریش خاوەنی ئەو هەموو دەلاقەیەیە، کە بە درێژایی مێژوو کردوویەتییە رێگەی خەباتیان، چۆن پینە ئەکرێن؟
لە کوردوستانا چ پۆستێک ئەمێنێتەوە، ژیریکەن و وڕکنەگرێت، هانا بردنی بۆ پایتەختەکانی دەوروبەرو، (نوتقە) خۆیئاساییەکانی، ئەوەتانێ هەر لە ئێستاوە، کاری ئەوتۆ ئەکات، هەر قێزبکەینەوە بڵێین کوردین، زۆر راشکاوانە بەرگری لە بەرزان تکریتی ئەکات، لە زیندان رزگاریکات و بینێرنە خەستەخانە، بۆ چارەسەریی لە نەخۆشی شێرپەنجە، کە بە درۆ خۆی نەخۆشخستوە، رێک بۆ جەعفەری نووسیوە، کە پەیوەندی بنەماڵەییان لەتەک

یەکا هەیەو ، داوادەکات یارمەتی بدرێت. بە لێشاو فرۆکەوانەکانی بەعسی هێناوەتە سلێمانی، تا لە تۆڵەسەندنەوەی جەماوەر پارێزراوبن. کۆلکە شاعیرێکی ساختەچی جەزائیری بڵاوی کردۆتەوە: لەبەر بێپارەیی و دەستکورتی چاوێک و گورچیلەیەکی ئەفرۆشێت، مامە بە هەڵەداوان 30 هەزار دۆلاری بۆ ناردووە، سەفیری عێراقیش لە جەزائیر بە ناوی عیراقی عروبەوە چەکەکەی داوەتێ. لە کوردوستانیش دەیەها نووسەری کورد هەیە ماری رەش یەقیان بۆئەکاتەوە، کەچی کەس ناڵێت کەرتان بەچەند. زیاد لە جارێک جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە لە سێدارەدانی سەدام ئیمزا ناکات، هەرچەندە بەر لە 6 مانگ بەندە لە گفتوگۆیەکدا لەتەک رادیۆی ئوسترالیا وتم: من بێگومانم بریاری لە سێدارەدانی دەکەوێتە دوای کۆتایی ماوە سەرۆکایەتیەکەی جەلال تاڵەبانی، یان کێ دەڵیت هەر ئەو دادەشی بەسەردا ئەدرێت، ئەی ئەم ئەو نوتقەی بۆ دا؟ ئەگەر ئەمە بەرتیلی دەمداخستنی سەدام نەبێت، سەبارەت بە خودی خۆی(جەلال تاڵەبانی).

ئەوەتانێ ئێستاش حاڵی حەلوەلایەتی، ئەیەوێت لەتەک گرووپە تێرۆریستەکانا گفتوگۆبکات، بە خەیاڵی خۆی ئەگەر بگاتە ئەنجام، ئافەرینی ئەمەریکا مسۆگەرکات و، ئەم جارە توندڕەوە سوننەکانی عەرەب، پشتی بۆ دانێن و سەرکەوێتەوە سەر کورسی سەرۆکایەتی!

ئەوەتانی خۆی لە خنکاندایە، کەچی باوەشیکردووە بە ناوقەدی جەماوەری کوردا، یا دەنگیان بۆ بدەین و ئەم خۆخۆرە بە خۆیەوە نەمانخنکێنێت و رزگاریکەین، یان دەنگنەدەین و، چارەنووسمان بکەوێتە دەست فاڵچییە ریش کلکە سەگەکانی، شیعەو سوننە. دەنگئەدەی وەی، دەنگنادەی وەی وەی و وەییتریش ، ئای لەم قومارەی بە چارەنووسی کوردەوە ئەکرێت.